

# غرووبێك


**ئەحمەد عەلی**

ئەیلوولی2002

Ahmadali525@hotmail.com


**هەمیشە غروبێکی هەناریت**
**مەشکوك لە هەڵهاتنێکی تر**
**دۆڕاو لە بە سەر چوونی دوێنێدا ..**
**درەختێ.. گەڵایەکی پێوە نەماوە تا عەییەکانی دا پۆشێ**
**تۆش ... لە ژێر هەوری ئێوارانی تەقەلایەکدا**
**پیاسەی تەنیایی خۆت دەکەی**

**لە مەئیوسترین یەئسمداولەوەحشەتترین تەنیایمدا**
**دەتویست بمکەیتە توحفەیەك لە عیشق**
**لە پاڵ ئەو بیرەوەریانەی جێگەیەکیان لە زەمەن نەگرت ...**
**من دەریایەکم بێ کەنار**
**کەنارێکم بێ مەودا**
**مەودایەکم دوورتر لە هەر لە هەر سەحرایەکەوە لە سەوزایی**
**من دەمەوێ لەتۆدا زەرد ببمەوەو**
**تۆش دەتەوێ لە مندا بەهارێك بی**
**شەرت نییە بارینی باران**
**سۆزێك بێ بەرامبەرشەقار بوونی زەوی ....**
**لە کام گۆشەی دڵما پیر دەبی ؟**
**لە کوێی تەمەنمدا دەخزێیتە ناو مێژومەوە ؟**
**تۆ حیکایەتێکی لە ترسوو لە عاتیفە**
**منیش بەدیار وەرزەکانتەوە خەریکە دەبمە غووبار**
**ئەی حەقیقەتێکی ڕەها لە میهرەبانی ***